

# خۆپیشاندان یان راپەڕین؟

م/ نەوزاد حوسێن محەمەد

سیمای هەموو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەوە دەردەکەوێت کە دەسەڵات تا چەند توانیوویەتی بنەماکانی دیموکراتی‌و مافی مرۆڤو بازاڕی ئازاد جێبەجێ بکات کە سێ کۆڵەکەی بەهێزی راگری کۆمەڵگەی مۆدێرنن. دیموکراتی وەکو چەمکێکی ئایدۆلۆژی کۆمەڵێ ئازادی لەخۆ دەگرێت وەك ئازادی رادەربڕین، رۆژنامەگەری، ئازادی سیاسی‌و حزبی... هتد. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم چەمکە کە بۆ سەدەکانی رابردوو دەگەڕێتەوە، ئەوەندە جوان‌و پیرۆز بوو، ئەوەندە شەفاف‌و راستگۆیانە هێواش هێواش پیادە کرا، بەملیۆنان مرۆڤ بوون بەخەباتگێڕو لایەنگری ئەو چەمکەو لەو پێناوەشدا قوربانییەکی زۆریان بۆ داو دەیان دیکتاتۆرو ئیمپراتۆریان بەرەو گۆڕ لێژ کردەوە. مافی مرۆڤیش کە ئازادییەکانی پێك هێنانی کۆمەڵەو رێکخراوی سەربەخۆو، ئازادی پێك هێنانی خێزان‌و شوێنی ژیان‌و جۆری خوێندن‌و سەرجەم مافەکانی دیکەی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت، دیسانەوە کۆمەڵێ بەندو یاسای نێودەوڵەتی بۆ دارێژراوەو ئەویش بۆ خۆشگوزەران کردنی ژیان‌و خزمەت کردنیمرۆڤەکانە، ئەوەی پەیوەندی بەم نووسین‌و بەدواداچوونە شێوە ریپۆرتاژییەوە هەیە زیاتر ئەو دوو چەمکەیە کە لەکوردستانی ئێمە دوای مومارەسەکردنی پانزە ساڵی دەسەڵات خەریکە بڕوامان بەراستییەکانی دیموکراتی‌و مافی مرۆڤ لەق دەبێ‌و دەگەین بەقەناعەتێك ئەو چەمکانە تەنها شمولی دەسەڵاتداران دەکاو بەس بەخۆیان رەوایە قسەی لەسەر بکەن‌و بڕیاری کۆتایی لەسەر دەرکەن، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو کەسەی کە ئێستا لافی دیموکراتی لێ دەدا، لەبنەڕەتدا بڕوای پێ نەبووەو هەڵگری هزرو ئایدۆلۆژییەکی غەیرە دیموکراتی بووە، بەڵام حوکمی زەمان ئەمی کردووە بەدەسەڵاتدارو ئەمیش چۆپی دیموکراتی رادەکێشی‌و بەدەستی خۆشیەتی چۆنی بادا وای دێنێ.

لەم مانگی ئابەدا کۆمەڵێ شارو شارۆچکەی کوردستان جۆرێك لەناڕەزاییان بەرانبەر گەندەڵییەکانی دەسەڵات دەربڕی‌و خەڵکێکی زۆر بەتایبەت لاوان هاتنەسەرجادەو لەگەڵ دەسەڵاتدا، رووبەروو بوونەوە. قسەکردن لەسەر ئەو ناڕەزاییانەو ناو لێنانی هەڵچوونەکە زۆر هەڵدەگرێ، چونکە کاتێ دەچینە ناو وردەکارییەکان‌و هۆکاری سەرهەڵدان‌و گۆڕانی ئاراستەی خەڵکەکەو مامەڵەی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش دەخوێنیتەوە کۆمەڵێ راوبۆچوونی جیاوازت بۆ دەردەکەوێ.. ناڕەزاییەکان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە خەڵکی بێبەشکراون لەنیعمەتی ئاوو کارەباو سووتەمەنی‌و خزمەتگوزاری، لەجیاتی ئەوانە لەهەڵپەی بەردەوامی رۆژانەو پێ نەگەیشتنن بەگرانی بێ حەدی بازاڕو لەلایەکی دیکەوە های لایف ژیانی دەسەڵاتداران خەڵکی تەواو بێزار کردووە، دەسەڵات هەر زوو درکی بەوە کرد کە ئەم غەدرە رۆژێك دەبێ قبوڵ نەکرێ‌و گەلیش لەهەر کەسێ راپەڕێ یان دەبێ دیکتاتۆرانە وەڵامیان بدرێتەوە یان بەرگەی گوورزی گەل ناگرن، بۆیە هەر خۆیان بەجۆرێك لەجۆرەکان ئاگادار بوونە یان پەیوەندییان هەبووە لەدروست کردنی ئەو حاڵەتانەدا، دیارە لەچەند لاوە قازانجی بۆ دەسەڵات هەیە، جارێ وا دەری دەخەن کە ئێمە دیموکراتین‌و خەڵکیش ئازادە لەدەربڕینی رای خۆی، هەروەها ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت دەمی خەڵك دادەخرێ، ئاراستەی رەوتەکەش چونکە خۆیان لەپشتییەوەن چۆنیان بوێ وا دەیگۆڕن، جگە لەوانەش هەندێ خەڵکی دڵسۆزو راستگۆو شۆڕشگێڕ دەست نیشان دەکەن‌و لەگەڵ لێشاوەکەدا راپێچی زیندان دەکرێن، ئەمە جگە لەهەندێ سوودی نهێنی دیکە مەگەر هەرخۆیان بزانن...

شاری چەمچەماڵ‌و ناحیەی شۆڕش دوو شوێنی بەرچاو بوون لەناو ئەو شوێنانەی کە ئەو خۆپێشاندان‌و راپەڕینانەیان تیاروویدا. هەندێ خەڵکمان دوواند لەسەرجەم چین‌و توێژەکانی ئەو دوو شوێنە بەمەبەستی تێگەیشتنی راستی رووداوەکان.

کاك خالید گوتی: خۆپێشاندان مافێکی سەرەتایی‌و رەوای مرۆڤە بەرانبەر بەدەسەڵات ئەگەر ببینێ دەسەڵات غەدری لێ دەکات، ئەم خۆپێشاندانەش هەرچەندە لەناخە پەنگ خواردووەکەی خەڵکەوە بۆ چاککردنی کەم‌و کوڕییەکان بەرپاکرا، بەڵام دەسەڵات زیرەکانە قۆستیانەوەو هەندێ خەڵکی ناسراوو بەرچاوی خۆیان کردە پێشەوای راپەڕینەکەو ئاراستەکەیان گۆڕی بەرەو کاری توندوتیژی‌و عەفەوی کە دواتر هەندێ برینداری لێکەوتەوەو سیمای دەسەڵاتی ئەوەندەی دیکە ناشیرین کرد، دوایی دەیان کەسی بێتاوان‌و بێ ئاگا لەکارەکە گیران‌و کەسە دیارو ناسراوەکانیش چونکە کوڕی فلان‌و فیساربوون پەنجەیان بۆ نەبرا. ئیتر نازانین بۆچی ئەوەیان کردو کێ پێیانی گوتووە وا بکەن، زۆر کەسیش پێیانوایە ئەوانە نێردروای نوێنەری خۆیانبن، بۆیە هەر نەشگیران.

کاکە حەمە: کە پیاوێکی سپی کارچییە، وتی ئێمە کە دوای عەسر لەکار گەڕاینەوەو ئاگام لەهیچ نەبووە، کە چی روویداوە لەشارو کوڕێکم لەگەڵدابوو کە هێشتا گیانی لەتۆزو گەچی ئیشکردنەوە بوو، لەبازاڕ کە لێك بڕیووین ئەوەندەی پێنەچوو چاوم لێ بوو دایانە بەر لێدان‌و سواری سەیارەی پۆلیسیان کرد، رامکرد کۆمەڵێ رجاو تکاو پاکانەم کرد، بەڵام بێ سوود بوو، دیموکراتی حکومەتی چۆن وادەبێ براکەم، فەرقی ئەمان‌و رژێم چییە؟، جاران رژێمی بەعس هەموو شتێکی بۆ خەڵك دابین دەکرد، لەئاوو کارەباو خزمەتگوزاری‌و نەوت‌و بەنزین‌و بایەعو هەموو ئەمانە، بەڵام دەیوت فزەت لێوەنەیەت، قسەبکەی دەتکوژم، ئێ براکەم هیچیشی دابین نەکردووەو هەر هەمان شت دەمی خەڵکیش دادەخات، خۆزگە تاوانێکیش هەبێ قەیناکە، بەڵام من دەڵێم کوڕەکە لەگەڵمان بووە، لەئیشەوە هاتووین، ئیتر بۆ دەیگرن گوناحە..

خوشکە سەبری گوتی: لەبازاڕەکە بەچاوی خۆم بینیم گەنجێك قەمیسێکی سووری لەبەربوو، لەکۆستەرێك دابەزی‌و هەرکە لەجادەکە پەڕییەوە یەکسەر پۆلیس پەلاماری‌دا، کردی بەیەخەیداو گوتی دەتناسم وەر هەی خوێڕی رایکێشا، گەنجەکە گوتی کاکە گیان وەڵاهی لەسلێمانییەوە دێم ئاگام لەهیچ نییە، بۆ وام لێدەکەی، پۆلیسەکە گوتی وسبە هەی درۆزن چەند قەمیس سووری تیابوو تۆ یەکێکی لەوان، دواتر ئەویشییان برد..

بەختیار: کە دانیشتووی ناحیەی شۆڕشە، گوتی کاکە خەڵك چۆن راناپەڕێ، بۆ نموونە ئەوە زیاتر لە ٦ مانگە گەڕەکەکەی ئێمە بەماتۆڕیش ئاومان نایەت، تەنها پێویستی بەقوفلێك هەیە، چەند جارێك چووینەتە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی شۆڕش، گوتوومانە کاکە گیان قوفڵەکە خۆمان دەیکڕین، خۆمان چاڵەکەی هەڵدەکەنین، خۆمان وەستا دەگرین، بۆمان ببەستێ. تەنها ئەوەندە لەسەر ئێوە موافەقە بکەن‌و مۆزەفێکتان بێت‌و بەس سەیر بکات، بەڵام لەوەڵامدا گوتیان کاکە ئێمە چۆن وادەکەین دەبێ شتەکان لەرێگەی خۆمانەوە بەرەسمی بکرێت‌و پارەی بۆ سەرف کرێت‌و وەسڵی تایبەتی بۆ پڕبکرێتەوە، من دەزانم بەشێك لەگەڕەکی قەرەهەنجیرییەکان لەناحیەی شۆڕش هەمان کێشەیان هەیە، باشە ئەگەر ئەمە بۆ دزی کردن نەبێ بۆچییە؟. ئەی بۆچی هەرکەسێ دەبێ بەمەسئول بەماوەیەکی کەم دەوڵەمەند دەبێ‌و پەترۆڵو خانووی غەربی دەکڕێ، بە دزی کردن نەبێ ئایا بە مەعاشی ئەوانە دەکڕێ؟. باشە ئەوە قاپی زستانە کوانێ نەوت، کوانێ غاز، کوانێ کارەبا؟. ئەوە بۆچی پێشتر هیچ شتێ دەست نەدەکەوت، بەڵام یەك دوو رۆژ دوای راپەڕینەکە کارەبایان باشتر کرد، غازیان هاورد، ئەمە مەعنای ئەوەیە کە پێشتریش دەیانتوانێ بیکەن، بەڵام خەڵك بەهیچ نازانن، بۆیە نەیان کرد.

رای کۆمەڵێك مامۆستاشمان لەنزیکەوە زانی‌و ئەوانیش زۆر ناڕازین لەکۆمەڵێ رەفتاری بەرپرسەکان.

مامۆستا نەوزاد گوتی: ئێمە ساڵانێکی دوورودرێژ خەباتمان کرد، لەپێناوی دروست کردنی حکومەتێکی خۆماڵی‌و کوردەواری کە بتوانێ سەرجەم مافەکانمان بۆ دابین بکاو بمان پارێزێ، من خۆم لەساڵی هەشتاوە لەناو شۆڕشدا بوومە، بۆ چرکەیەك خیانەتم لەکوردو کوردستان نەکردووە، حەڤدە ساڵ خزمەتیشم هەیە، کەچی تا ئێستا بستێ زەویم وەرنەگرتووە، ساڵی پار لەگەڵ لیستێکی پڕ لەئەهلی واستە کە خاڵم لەهەموویان زیاتر بوو، ناومیان نووسی، بۆ زەوی، بەڵام تا ئێستا دابەش نەکراوە، کەچی خەڵکی وا هەیە لەپێش راپەڕین جاش بووە، ئێستا بۆخۆی زەوی‌و خانووی وەرگرتووە، کچەکەشی کە تەنها دوو ساڵ خزمەتی هەیە زەوی وەرگرتووە. ئێمە حکومەت هێن خۆمانە دڵم نایەت هەمووشتێکی پێبڵێم، چونکە ئێمە خۆمان ئەم وەزعەمان دروست کرد، بنیاتمان ناو شەونخوونیمان بۆکرد چەکمان بۆ هەڵگرت، بەڵام نەمانزانی کۆمەڵێ جەردەو مشەخۆر دووبارە وەزع تێك دەدەنەوە، ئەم وەزعە چیرۆکێکی (غادە تسمان)ی عەرەبم بیر دێنێ کەدەستەیەك بەپاڵ پشتی جەماوەر دیکتاتۆر دەڕووخێنن‌و دەسەڵات دەگرنە دەست، پاش چەند ساڵێك وەزعەکە وا دەگەڕێتەوە کە زۆر لەجاران خراپتر. کەواتە زوڵم‌و ناعەدالەتی هەرکەسێ بیکاو لەهەر شوێنێ بێت هەر زوڵمەو قبوڵ ناکرێ. هەربۆیە خەڵك لێیان ڕادەپەڕێ، پیاوێك دەیگووت: من دوو ئاواتم هەبوو یەکێکیان هاتۆتەدی ئەوەی تریان هێشتا ماوە، وتیان چی‌یە؟ ئەویش یەکەمیان ئاواتم بوو کورد ببێتە حکومەت، بەڵام دووەمیان ئاواتمە کە ئەم حکومەتە نەمێنێ..

شت یەکجار زۆرە بووترێ لەسەر دەسەڵات لەم شوێنەدا جێگەی نابێتەوە مەگەر چەندەها رۆژنامەو گۆڤاری لێ پڕبکەیت، بەڵام تەنها وشەی (گەندەڵ)ی ئیداری‌و خۆش ڕابواردنی گەندەڵ چییەکان بەسە بۆئەوەی خەڵکی ئاگری ڕاپەڕین‌و شۆڕشێکی دیکەی پێ داگیرسێنن، ڕەنگە ئەمجارەیان نەهێڵن خەڵکی ناو دەسەڵات خۆیانی تێ بخزێنن‌و ئیشەکەیان لێ تێك بدەن، ڕەنگیشە ئیتر پۆلیس وەکو جاران دەست نەکەنەوەو نەوەك لەپێناوی دیموکراتیدا زیندانی بکرێن.

# ڕەهاکانی بیر

ئەمجەد شاکەلی



١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، گۆڕانێکی بنەڕەتیی لەمێژووی مرۆڤایەتی‌و سیاسەتی جیهانی‌و تەنانەت جیهانبینی خەڵکی ئاسایی خۆراوایشدا هێنایە گۆڕێ. هەر لەوێ رۆژێرا، ئیدی جیهان لەمسەرییەوە بۆ ئەوسەری‌و تەواوی گۆی زەوی بوو بە مەیدانێکی تەختایی بێ قۆرت‌و بێ کۆسپ‌و بێ گت، بۆ ئەمریکاو هاوپەیمان‌و هاوبیرانی‌و بوو بەنیشانی تیری پێشتر ئامادەکراوو هاوێژراوی ئەوان. ئەگەر جاران ڤێتنام‌و تەواوی ئەمریکای لاتین‌و ئەفریقاو وڵاتانی سەر بە بەرەی سۆسیالیستی "ناسیۆسیالیستی".. مەبەست بوون، لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە، هەموو جیهان‌و بەتایبەتیش جیهانی ناڕۆژاواو نامەسیحی‌و ئیسلامی مەبەستن. لەئەفغانستانەوە دەستیپێکردو گەیشتە عێراق‌و فەلەستین‌و لوبنان‌و بەرەو سووریاو ئێران، ملدەنێت‌و پێش دەچێت هەر لەو نێوانەدا نەوەستێت‌و هەموو جیهان بتەنێتەوە. موجاهیدین‌و جەنگاوەرانی دوێنێی دژەکۆمۆنیزم لەئەفغانستان، کە دەرچوو و شاگردی فێرگە سیخوڕییەکانی ئەمریکا بوون‌و ئەمریکا بۆ خۆی بارهێنەرو پەروەردەکاریان بوو و دوای ئەوەی کاری پێیان نەما، لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوەو لەماوەیەکی کورتدا، بوون بە شەیتانێکی نەفرەتلێکراوو خوێنتاڵ‌و دژەرۆژاوا مۆری تەرۆریست‌و تەرۆرزمیان بەتەوێڵەوە نرا. تەرۆریزم‌و تەرۆریست‌و، بوون بە بنێشتەخۆشەی بن ددانی هەموو ئەوانەی خۆیان لەخانەی ئەمریکادا دەبینەوە. ئەمریکا بە داهێنان‌و هێنانەگۆڕێی ئەو تێزی تەرۆرە، ئەوەی لەبیرگەی بەشێکی زۆری خەڵکدا سڕییەوە، کە بۆخۆی وەك دەوڵەت، تەرۆریستەو کە ئەو کارە نامرۆڤیانەو ئەو جەنگ‌و کۆمەڵکوژییانەی ئەو ئەنجامی داون‌و ئافراندوونی، ئەوانە بۆ خۆیان، تەرۆرن. تەواوی ئەو خەڵکانەی لەلایەن ئەمریکاوە نێوی تەرۆرو تەرۆریزمیان لێ نراون‌و دەنرێن، هەر لە١١ی سێپتەمبەرەوە تا ئەوانەی ئەفغانستان‌و ئەوانەی عێراقی دوای سەددام حوسەین، هەر هەموویان جێی گومان‌و مرۆڤ دەخەنە سەر هێڵ‌و بیرکردنەوەیەکی تا ڕادەیەك توندو چەسپاو گومانهەڵنەگر، کە تەواوی سەرەداوەکان بگرێتەوە بۆ ئەمریکا خۆی‌و بۆ زایۆنیزمی جیهانی ئەوان بە جیاوازییە فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌و هزرییەکان، پێ جوان‌و خۆش‌و باش بێت، ئەوا هەرگیز بیری بۆ لەقاڵبدان‌و چوارچێوەدارکردن‌و سنووردارکردنی ئەو جیاوازییانە ناچێت‌و هەوڵی تواندنەوەیان نادات. هەر فەرهەنگێك، بازنێك، وڵاتێك، گەلێك، جڤاکێك، مرۆڤێك بەوەوە جوانە، کە لەگەڵ ئەوی دیکەدا جیاوازەو تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە. ئەگەر ئیندیانێك‌و چینییەك‌و ئەفریقاییەك‌و سوێدییەك‌و کوردێك‌و هیندییەك وەك یەکیان لێهات‌و چ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نەماو وەك یەك بیریان کردەوەو یەك جۆرە نەریت‌و یەك فەرهەنگ‌و یەك سیاسەت بوون بەسەرخانی ژیانیان، ئەگەر هەموو یارسان‌و هیندۆس بوودیست‌و ئێزدی‌و کۆنفۆشیۆسی‌و موسوڵمانێك بوون بە عیسایی، ئەگەر هەموو کۆمۆنیست‌و ئەنارکیست‌و چەپ‌و دژە ئیمپریالیست‌و دژە سەرمایەدارێك بوون بەسەرمایەدارو نۆلیبراڵ، ئیدی چ تامێك‌و چ جوانییەك لەو جڤاك‌و وڵات‌و گەلانەدا وەدی دەکرێت‌و چ خۆشییەك دەمێنێتەوە!. کارێك، کە ئەمریکا ئەنجامی دەدات‌و سیاسەتێك، کە ئەمریکا پێڕۆی دەکات‌و زایۆنیزمی جیهانیی لەپشتەوەیەو رۆژاواو ئەورووپا دەستخۆشیی لێ دەکەن‌و سیاسەتکارو دەسەڵاتدارە کرداو و گەڵحۆو گەمژەو چێکارو ئافرێنەرو جوولێنەری ئەو بەلاو کارەسات‌و ماڵوێرانییانە بزانێت‌و هەموو ئەوانەیشی، کە بەنێوی "ئەبوو فلان‌و ئەبوو کێ‌و کەتائیبی چی‌و دەستەی فلان‌و ئەنجوومەنی نازانم چی‌و گرۆی شەهید کێ‌و لەشکری رزگاری کوێ...." و دەیان نێوی سەیروسەمەرەی دیکەوە، وەك ئەنجامدەرانی ئەو کارانە پێشان دەدرێن، تەنێ وەك خەڵکانێکی کرداوو کۆککراوو گێژکراوو ئەکتەری بێتە بەرچاو، کە ئەو تۆرانەیان پێ بەخشرابێت. بە وەها کارێك درێواندنی هەموو نا ئەمریکاییەك‌و ناڕۆژاواوییەك‌و نازایۆنیستییەك، ئەنجام دەدرێت‌و رێگەی ڕامالین‌و لەنێوبردنی هەموو جۆرە دژەبۆچوون‌و جیاوازییەك خۆش دەکرێت‌و جیهان، تەواوی جیهان، وەك تۆپێکی گچکە، دەخرێتە نێو لەپی ئەمریکاو رۆژاواو زایۆنیستانەوەو ئیدی جیهانێك دێتە گۆڕێ ئەمریکاییندراو و یەکڕەنگ‌و تاکفەرهەنگ.

ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بەئازادی هەبێت‌و جیهان‌و مرۆڤایەتیی بەجیاوازییەکانیانەوە، بە تایبەت بەکورسییەلکاوەکانی رۆژهەلات‌و وڵاتانی ئیسلامی‌و عەرەب‌و ئەوانەی قەل ئاسای کوردستانی لەمەڕ خۆیشمان، کە هەر سەری بۆ دەلەقێنن‌و بۆی بەلاملدا دەدەن‌و تووتی ئاسا دەیلێنەوە، کارو سیاسەتێکە، هەموو رێگەکان بەرەو ئەمریکا دەبەنەوەو هەموو ئاوەکان بەئاشی ئەمریکادا دەکەن‌و هەموو هزرو نەریت‌و فەرهەنگەکان دەکەنە قوربانی هزرو نەریت‌و فەرهەنگی "بێهزری‌و بێنەریتی‌و بێفەرهەنگی" ئەمریکاو کلیلی مێشك‌و بیرکردنەوەی هەموو مرۆڤایەتی دەدەنە دەست ئەمریکاو ئیدی ئەمریکا لەبری هەموو جیهان‌و دانیشتووانی جیهان دەهزرێت. هێنانە گۆڕێی باسی "رۆژهەڵاتی ناوینی نوێ" و "رۆژهەڵاتی ناوینی گەورە" لەلایەن ئەمریکاوەو نەخشەدانان بۆ گۆڕینی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوین، کە هەر دەوڵەتگەلی کۆلۆنیال بۆ خۆیان دایاناون‌و دانانی دەسەڵاتدارانێك، کە هەر کۆلۆنیاللیستان بۆ خۆیان دایانناون‌و دانانی دەسەڵاتدارانێکی دیکە بە ئارەزووی خۆیان، هەموو ئەمانە دەکەونە چوارچێوەی نەخشەی پاراستنی بەرژەوەندەکانی ئەمریکاو دەستبەسەرداگرتنی جیهان لەلایەن ئەمریکاوەو ئەمریکایاندنی جیهان. ئەمریکا رۆڵی پۆلیسی جیهانی دەبینێت‌و تەواوی دەسەڵاتدارانی جیهان، ژمارەیەکی یەکجار کەمی لێ دەرچێت، وەك کاسترۆو ژافێزو مۆرالێس‌و ئەوانەی ئێران‌و حەسەن نەسروڵڵایەك، ئیدی سەرجەم چەپڵەی بۆ لێ دەدەن‌و بۆی دەخەنن. ئەگەر وانییە، ئەمریکا چی داوە لەوەی سووریا، ئێران، لیبیا، کوویا، بۆلیڤیا یا هەر قوژبنێکی ئەم جیهانە چۆن بەڕێوەدەچێت! ئەمریکا بۆچی تورکیا، ئیسرائیل، مسر، عەرەبستانی سعوودی، وڵاتانی عەرەبی کەنداوو ئەو وڵاتانەی، کە لەگەڵ رەوتی سیاسەتی خۆیدان، ئەوانە بۆ ناخاتە ژێر پرسیارەوە!.

داکۆکی لەفەلەستین‌و فەلەستینی‌و لوبنان‌و حیزبوڵڵاو حەماس‌و رەخنەگرتن لەسیاسەتی ئیسرائیل‌و ئەمریکا، لەلایەن کوردێکەوە، ناکاتە لەبیرکردنی ئەنفال‌و گازباران‌و کۆڕەو و کۆمەڵکوژیی کوردو وێرانکردنی کوردستان‌و هەرگیزیش ناکاتە لەبیرکردنی عەرەباندن‌و داگیرکردنی موسڵ‌و کەرکوك‌و خانەقین‌و مەندەلی‌و کووت‌و تەواوی دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان، هەموو کوردستان. وەها داکۆکییەکیش ناکاتە چاوپۆشین‌و لەبیرکردنی تاوانەکانی رژێمی بەعس‌و سەددام حوسەین‌و کەمالیستانی تورکیاو رژێمی سووریاو ئێران، لەهەمبەر گەلی کوردستان‌و پێداهەڵدان‌و بەباشەباسکردنی ئەوان. سیاسەتکارو دەسەڵاتدارانی کوردستان‌و تاریکبیرانی پاشکۆو پاشاخوڕخۆری ئەوان، گەلی کوردستان‌و خاکی کوردستان‌و پرسی کوردیان کردووەتە پەیژەی ئەمریکاو خویانیان کردووەتە داردەستی ئەمریکاو هەنگاوێك ناهاوێژن ئەگەر هێندەی موویەك لەسیاسەتی ئەمریکا جیاواز بێت‌و کارێك ناکەن ئەگەر ئەمریکا قیچێك دڵی برەنجێ‌و شتێك نالێن ئەگەر بەدڵی ئەمریکا نەبێت‌و ئەمریکا نەهێنیتە خەنین‌و لەچوارچێوەی نەخشەو گوتاری ئەمریکادا نەبێت. ئەوان نەك هەر ئەوە، بەڵکە تا ئەو رادەیەی، کە تورکیاو ئیسرائیل بە "دیموکراتی" بدەنە قەڵەم‌و پێیاندا هەڵدەن‌و بە سەرسوورمانەوە باسیان بکەن، هەنگاو دەنێن‌و رێگە بەخۆیان دەدەن. ئەو کردەوەو دیدو گوتارانە، ئەگەر بەخشەرو گەیێنەری یەك پەیام بن، ئەوە سووککردنی مرۆڤی کوردەو هیچی تر.

هەروەك چۆن ئازادی، سەربەخۆیی، رزگاری، سەربەستی، سەرفرازی، لەتەواوی جیهانداو لەکن هەموو مرۆڤی ئەم گۆی زەوییە، یەك واتایان هەیەو یەك شت دەگەیەنن‌و هەڵگری یەك پەیامن‌و یەك چێژ دەبەخشن‌و لەتلەت ناکرێن‌و دابەش ناکرێن، هەر بەو جۆرەیش داگیرکاری، ستەم، چەوساندنەوە، چەسپاندن، سەرکوتکردن، برسیکردن، راگواستن، کۆچپێکردن، لەتەواوی جیهانداو لەکن هەموو مرۆڤی ئەم گۆی زەوییە، یەك واتایان هەیەو یەك شت دەگەیەنن‌و هەڵگری یەك پەیامن‌و یەك جۆرە ئازارو ناخۆشی دەبەخشن‌و لەتلەت ناکرێن‌و دابەش ناکرێن. وەدەستهێنانی ئازادی‌و رزگاربوونی گەلان‌و وڵاتانی ماندێلاو کاسترۆو هۆشی منەو ئەلجەزائیرو کوردستان‌و هەر شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانە، لەئەپارتایدو باتێستاو کۆلۆنیالیزمی ئەمریکاو کۆلۆنیالیزمی فرانساو داگیرکارانی کوردستان....، یەك واتایان هەیەو هەرگیز دابەش ناکرێن، هەر بەو جۆرەیش ئەنفال‌و گازباران‌و کۆڕەوو قڕانی کورد و هۆلۆکوستی جوولەکەو لەنێوبردنی ئیندیان‌و رەشپێستان‌و ئەتۆمبارانی هیرۆشیماو کوشتنی خەڵکی ڤێتنام‌و ئەلجەزائیرو ئەوەی ئەمڕۆ لەفەلەستین‌و لوبنانداو سبەینێ لەعەردەکی دیکە روودەدات، ئەگەر مرۆڤ خۆ لەبازنەی کۆبیرکردنەوەو گەلەپرۆپاگەندەی ئەمریکاو هاوڕایانی دەرباز کات‌و بترازێنێت‌و خۆ لەو کۆتانە رەها کات‌و بەچاوێکی روونەوە لەمیدیاکانی کوردستان‌و کوردی خۆیشمان بنۆڕێت‌و رووداوەکان بەمێشکی خۆی بخوێنێتەوە، هیچیان لەیەکتر جودا ناکرێنەوەو دابەش ناکرێن‌و هەموو هەر دەکەونە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤەوەو ناکرێ مرۆڤ خۆیان لێ بێدەنگ بکات.

١-٨-٢٠٠٦